www.kurdistannet.org
24-1-2007 20:11 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ پارەو زەوی بە گۆرانییبێژان نەدرێت؟؟ .... هێمن عومەر



لە کاتێکدا بەرژەوەندی دەسەڵات لەوەدایە کە پارە بکاتە شاباش بە سەر گۆرانییبێژاندا بۆ پارەو زەویان پێنەدات و خۆی نەکان بە قوربانیان لە کاتێکدا گۆرانییبێژ لە دەسەڵات بووەتە فریشتەو وەك و مادده بێهۆشکەرو خواردنەوەکانە بۆ گەنج و تەواو عەقڵیەتی بەستونەتەوە لەوەی پەنجە بە رووی کەم و کوڕیەکانی دەسەڵاتدا بەرزبکەنەوە بۆ دەسەڵات پارە بە گۆرانییبێژ نەدات.

لە کاتێکدا خاوەن بڕوانامەو کەسانی پێویست لەو کۆمەڵگایە لە دەستی پێ نەکرانی بوتڵێکی غاز ناچار ئاگر بە کتێب و قەڵەمەکانیان دەکەنەوەو لە دەزگاکاندا بوون بە هەتیوو سواڵکەرو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان لە زانکۆ لە گونیە دەکرێن و فڕێ دەدرێن چونکە دڵنیان لەوەی هیچ قیمەتێکیان نیە لەو لایەشەوە 2/500 مەتر زەوی لە هەولێر دەبەخشرێتە لەیلاخان و کلیپێکی بۆ بە پارەیەکی خەیاڵی دەکرێت و بە هەزاران دۆلار لەو لەو سەرف دەکرێت بۆ دەرهێنانی کلیپێکی هیچ و سەفەری تورکیاو شەوانی مانەوە لە هۆتێل و بە وتەی گۆرانیبێژێك کە لە ناو برادەرەکانی خۆیدا وتبووی پارەی شەوێك لە گەڵ سۆزانیەکیشی لە سەر حکومەت حساب کردوە ئاخر ئەوە چ عەدالەتێکەو ئەگەر ئەمە سیاسەتی بێ هۆشکردنی گەنجان و میللەت نیە ئەی ئەو ناعەدالەتیە دەبێت چی بێت؟؟؟

ئەوە پرسیارێکەو دەبێت بکرێت کە دەسەڵات دەیەوێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لاوان لە خشتە بەرێت و بە هۆی ئەو خزمەتە زۆرەی کە دەیکات بە گۆرانیبێژێك و ماڵە شەهیدێکیش بێ دەرگاو پەنجەرەیە و لە سەرما خۆی لە ژێر بەتانی ناوە، دەیەوێت بە هاولاتیان بڵێت کە هەمووتان ببنە گۆرانیبێژو هەمووتان ببنە سەماکەر ئەوە هیچ مەترسیەك لە سەر لەرزینی ژێر پێی دەسەڵات نامێنێت چونکە نەکەسێك دەرژێتە سەر شەقام نە کەسێکیش داوای ژیان دەکات ئەوکاتیش هەموو پارەکان لە نێو خۆدا دابەش دەکرێت و با 2% بودجەش بۆ گۆرانیبێژان بێت خۆ بوونەتە خوای ئەم دەسەڵاتەو بەرژەوەندیەکانیان پاراستووە، ئەم نیشتمانە دواکەوتوەش خۆ ئەوروپانیە دوای تێگەیشتن لەوەی دەبێت ئەرکی دەسەڵات چی بێت ئنجا بخواتەوەو هەڵپەرێت.

زۆر بەداخەوە کە میللەت هێشتا نەگەیشتوەتە قۆناغێك کە تەنها پێی بوترێت ژیان بەڵام دەسەڵات دێت و جاری بە ژێر پێێ نانی هەموو پێویستیەکان گۆرانی و کلیپی بۆ زیاد دەکات بۆ ئەوەی گەنجان یان نیشتمانە وێرانەکە بەجێی بهێڵن یان ببنە گۆرانیبێژ وەکو ئەوەی هیچ شتێکی دیکە نەبێت جگە لە وتنی گۆرانی هیچ و سەقەت و کلیپی دور لە واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی کە هەموو کەناڵە تەلە فزیۆنیەکانیان بۆ ئەم ململانێیە تەرخان کردوە بە ناوی ئەوەی کەسانێك کە دەیانەوێت سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب بگۆڕن بوون بە پسپۆڕو بڕیار دەدەن کە کام گەنجە دەنگی بۆ وتنی گۆرانی دەشێت بەڵام پسپۆڕێکیش نیە چارەسەر ئەو هەموو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیە بکات کە چۆن زانست و بڕوانامە سوك و بێ قیمەت کراوە. . . هتد، ئەوە پەیامی دەسەڵاتە ئەوە پەیامێکە وەکو چەکێك دەیەوێت جەهلیەتی خۆی و دەسەڵاتەکەی پی دا پۆشێت و بەردەوامی بە گەندەڵی بدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نازانم ئەگەر ئەم میللەتە گۆرانی نەبێت دەمرێت بەڵام ئەگەر نان و کارەباو سوتەمەنی نەبوو هەموو پیشەو زانست و زانیاریەکی لە دەستدا هیچ لە ژیانەکە ناگۆڕێت ئەگەر گۆرانی نەما ئەوە ڕەق دەبینەوە بەڵام ئەگەر قات و قڕی و گرانی بوو ئەوە بە کلیپێك گەرم دەبینەوەو هەموومان لە بیر دەچێت ئەوەشمان لە بیر دەچێت کە خوێنی شەهیدان بە کلیپ و گۆرانی دەدرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.